کۆلێژی هونەرەجوانەکان/ هەولێر
بەشی موزیك

بابەت/ ئەنترۆپۆلۆجیای موزیکی
سمینار

# گرینگی پەروەردەی موزیکی بۆ بنیاتنانی کەسایەتی منالْ

پێشکەشکردنی
چیایی کمال سعدی

2020 ـ 2021
هەولێر

# پێشەکی

خودا کاتیك مرۆڤی دروستکرد جوانی لەگەڵ دروستکردووە، هەروەها تواناو هێزی پێداوە کە بتوانێ ئەم جوانیە بەرجەستەبکات وە لەگەڵیان ئاوێتەبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین موزیك یەکێکە لەو جوانیەی کە مرۆڤ توانیویەتی دەنگەکانی بەرجەستە بکات و لەگەڵ ڕۆحی ئاوێتەبێت. کە بەبێ موزیك مرۆڤ وەك جەستەیەکی بێ ڕۆح و مردوو ئەبیندرێت و هیچ واتایەکی نابێت، هەرلەبەر ئەمەشە لەسەرەتای بەشەریەتەوە و بەدرێژایی مێژوو ، مرۆڤ، ئاین، سیاسەت، کار، کشتوکال، تەنانەت شەرەکانیش بێ بەری نەبوونە لە ئاویتەی هونەر بە گشتی و موزیك بە تایبەتی.

وە موزیك مەندان هەمیشە گەورەترین ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە لەسەر بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنەکانی زانست و زانیاری و زۆرترین سودیان گەیاندووە بە مرۆڤایەتی، ئەمەش چونکە موزیك مەندان هەمیشە ئەوانە بوونە کە نەرم و نیانتر و زیرەکتر و خۆشەویستر و عەقلانیتر بوونە لە ئەوانیتر. کە ئەمەش وەك دیاریەکی خودا بۆ بەندەکانی هەژمارکراوە. لەسەردەمی میصریە کۆنەکانیشدا ئەوانەی کاری موزیکیان ئەنجام ئەدا لە کاتی بۆنە ئاینیەکان و کۆشك و تەلارەکانی پاشاکان دەبو لە نەوە و ئەندامانی خانەوادە ئاینیەکان بن

زاناو توێژەرانی بوارە جیاجیاکانیش بەتایبەتی دەرون ناسەکان لەبەر ڕۆشنایی تویژینەوەکانیان هەمیشە وتە و باسی خۆیان هەبووە لەسەر هونەر بەگشتی و موزیك بە تایبەتی، وەك دەڵێن: (غذاء الروح*، شفاء النفس**، مفكّكة الأحزان، مطهرة نفس***، مهدئة الأعصاب****، مقوية العزيمة، مبعدة الهزيمة) تادوایی، هەروەها زانایی فیزیایی ناس ئەنیشتاین دەڵێت: (ئەگەر من کەسێکی فیزیایە ناس نەبوومایە، ئەگەری زۆری هەبوو ببام بە موزسیان، چونکە زۆربەی جارەکان من بیر لە موزیك ئەکەمەوە، وە خەونەکانم بۆ موزیکن و ژیان لە موزیك دادەدۆزمەوە، وە خۆشترین کاتەکانی ژیانم ئەو کاتانەبوونە کە بە ئامێری کەمانەکەم پارچەیەك موزیکم ژەنیوە). چونکە هونر هەمیشە ڕۆلێکی گرینگ و کاریگەری هەیە لەناو کۆمەڵگا و مرۆڤایەتیدا، هەمیشە وا لە مرۆڤەکان دەکات زیاتر لیهاتوو تر و ژیر تربن

# گرینگی گۆرانی و موزیك له قۆناغەكانی گەشەی جەستەیی مرۆڤ

لەشی مرۆڤ بەپێی کات و قۆناغە کانی ژیان گۆڕانکاری بەرچاو بەخۆیەوە ئەبینیَ، لەڕووی جەستە و هزر و هەڵسوکەوت و ناخ و دەروونی، بەڵاَم ئەوەی کە بە ئاشکرا و بەڕوونی پێوەی دیارە گەشەی جەستە یەتی، هەرلەسەرەتای دروست بوونی تا هاتنە دوونیا و پیربوونی. ئەم گەشەیەش گۆڕانکاری بەسەردادێ بەپێی گۆڕانکاری لە قۆناغەکانی ژیان و ناوچە و ئاو و هەواو کات و شوێنی دیاریکراو لەلایەك و پێداویستی جەستە لە لایەکی تر.

بەڵاَم زانایان و شارەزایانی بواری مرۆیی دوای ئەنجامدانی چەندین تاقیکردنەوە و دراسە و توێژینەوەیەك، توانیان دەست نیشانی پێوەریك بکەن بۆ گۆرانکاریەکان و گەشەی جەستەیی و هزری و دەروونی ...مرۆڤ، لەماوەی لەدایکبوونی تا پیری.

# پەیوەندی گۆرانی و موزیك بە ڕێژەی زیرەكی



# گەشەی زیرەکی لای منالْ
# (Development of intelligence in children)

مێشکی مرۆڤ لەسەرەتای لەدایك بوونی بە ملیۆنان خانە مەزەندە دەکریت و ئەم خانانەش لە چینێکدا کۆکراونەتەوە کە قەبارەکەی (2) دوو ملیم دەبێت لە سەر تەواوی بەشی سەرەوەی مێشکی داپۆشیوە و ناسراوە بە (Gray brain)، هەروەها مێشکی مرۆڤی ئاسایی بۆئەوەی بە بەئاگایی بمێنێتەوە پێویستی بە نوێکردنەوەی (3) سێ ملیون خانە هەیە لە هەر چرکەساتێدا.

بۆیە لەم ڕوانگەوە زانایان مرۆڤ پۆلێن دەکەن بەسەر دوو جۆردا ئەوانیش مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی داهێنەر ، وە ئاستی زیرەکیان لە مرۆڤی ئاسایی بە (100) مەزەندە کردووە ، داهێنەریش (150–160)، بەلاّم ئەوەی بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتوە مرۆڤی ئاسایی تەنها لە (4٪) ی توانا هزریەکانی بەگەر خستوە، کەواتە لە (96٪)ی زیرەکی مێشك ماوەتەوە و لە ئامادەباشیە بۆ فێربوون، بۆیە کاتێك بمانەوی منالّەکان لە کەسێکی ئاسایی یەوە بگۆڕین بۆ کارامە و داهێنەر دەبیت سەرەتا گرینگی بەم بوارانەی خوارەوە بدەین:







1- یاری.

2- چالاكی قوتابخانەكان.

3- خوێندن و خوێندنەوە.

4- وێنەكێشان و موزیك و شانۆگەری.

5- داستان و حكایەت و خەیاڵە زانستیەكان.





# ئامانجی پەروەردە کردنی منداڵ بە گۆرانی و موزیك
# Objectives of music education in children

یەکەم/ ئامانجە پەروەردەییەکان :

1- سەردەمی منالّی زۆر گونجاوە بۆ جیێ بەجیێ کردنی ئامانجە پەروەردەیەکانمان لە ڕێگەی یاریکردن و گۆرانی و موزیك و سرودە نیشتیمانیەکانەوە.

2- گۆرانی و موزیك یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردنی منالّ لە لایەنی جەستەیی، دەروونی، هزری، کۆمەلأیەتی ... بۆ ئەوەی تاکێکی باش بیێ و بتوانیێ خزمەتی ژینگە و کۆمەلّگا و نەتەوەکەی بکات لە داهاتوودا.

3- فیری منالّدەکات کە گرینگی تاك بزانیێ لە بەڕێوەبردنی کاری بەکۆمەلّ.

4- بەهێزکردنی لایەنی کۆمەلأیەتی و نەتەوەیی و ئاینی لەلایەن منالّ.

5- یارمەتی منالّ دەدات گوزارشت لە ناخی خۆی بکات بە گۆرانی و جولّە.

6- سوود وەرگرتن لە موزیك بۆ ڕێکخستن و پڕکردنەوەی کاتەبەتالّەکانی .

# ئامانجی پەروەردە کردنی منالّ بە گۆرانی و موزیك
# Objectives of music education in children

دووەم/ ئامانجە هونەریەکان:

1- بەهێزکردنی هەست و جولّە لەڕێگەی گۆرانی و ڕیتم.

2- پەروەردەکردنی هەستی بیستن لەسەر هەڵبژاردنی گۆرانی و موزیکی ڕەسەن.

3- فێربوونی زمانێکی جیهانی، لەڕێگەی ئەلف و بیّ ی موزیکەوە.

4- وەرگێڕان و گوزارشتکردن لەراستیەکان و ڕوداوەکان، لوڕێگای هونەر.

5- هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و گرینگیدان بەکات، وەڕاهاتنی و بەردەوام بوونەوەی لە ژیانی ڕۆژانەی.

## دەرەنجام

1. لەڕێگای گۆرانی و موزیك دەتواندرێت گۆرانكاری لە سلوكی منالّ بەدی بكرێت، واتە دەتواندرێت سلوكە ناپەروەردەیی یەكان بە سلوكی پەروەردەیی بكرێن.
2. هێوركردنەوەی منالّ لەڕێگای پەروەردە كردنی بە گۆرانی و موزیك، یەكێكە لە گرینگ ترین دەست كەوتە پەروەردەیی یەكان.
3. فراوانكردنی ئاستی معریفەی منالّ بەگۆرانی و موزیك، لە بڕی خوێندنەوە و نوسین لە سەرەتای دەست پێكی لە بوارەكانی پەروەردە و فێركردن.
4. بەهێزكردنی هەستی بیستن لەلای منالّ لەڕێگای مومارەسەكردنی گۆرانی و موزیك.

# پێشنیار

1. دانانی میتۆدێکی تایبەت بە گۆرانی و موزیك بۆ هەریەك لە قوناغەکانی خوێندن و جێ بەجێ کردنی بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵی.
2. دابینکردنی پێداوستی و کەرەستە موزیکیەکان (ئامێر) و هۆڵو شوێنی تایبەت بەم بابەتە لە تەواوی خوێندنگاکان.

# ڕاسپاردە

بەنۆتەکردن و شیکردنەوەی گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری و میللی یە کوردیەکان و بەکارهێنانیان لە میتۆدی خوێندن لە پەروەردە و فێرکردن.

## سەرچاوەکان


1. محمد احمد محمود: التربية الموسيقية والنشاط الموسيقى، عمان اردن 2013.
2. د.فاطيمة احمد ابراهيم: تنمية روح الوحدة الوطنية لطفل، كلية التربية النوعية، جاميعة المنصورة، مجلة بحوث التربية النوعية، العدد السابع، 2006.
3. صادق امال: اثر الموسيقى فى تنمية سلوك الطفل، مجلة كلية التربية، جاميعة عين شمس، قاهيرة 1985.
4. خديجة ميلودى: تدريس بين الطرائق و النماذج، جاميعة حسيبة بن بو على، كلية التربية، جزائر 1989.
5. عائيشه صبرى، امال احمد مختار: طرق تعليم الموسيقى، مكتبة الانجيلو المصرية، قاهرة 1979.

End

of the seminar

Thank you for listening